# ڕەسالەت و شوێندانەری و تێکۆشانی خوێندکارانی کورد نەریتێکی بەبایەخە و جێی گرتوە



## پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان

بەڕێزان، بەشداربووانی کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان!

پێش هەموو شتێک بەبۆنەی گرێدانی کۆنگرەی ڕێکخراوەکەتان پیرۆزباییتان پێ دەڵێین و هیوادارین کۆنگرەکەتان بە سەرکەوتووی بەڕێوە بچێ و بەرنامە کارییەکانی بە ئاکام بگەیەنێ.

هەر وەک لە ئامانجە گشتییەکانی ڕێکخراوەکەتاندا هاتوە، یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، وەک زەروورەتێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی، بە مەبەستی ڕێکخستنی توێژی خوێندکاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ کۆمەڵێک ئامانجی بەرزی نەتەوەیی و بەهادار پێکهاتوە. بێگومان ڕێکخستن و بەڕێکخراوکردنی هێز و سامانی مرۆیی خوێندکارانی کورد ئەرکێکی پیرۆز و بەرپرسیارێتییەکی مێژووییە. ڕێکخستنی وزەی پەنگخواردووی توێژی خوێندکاری کورد وێڕای بوونی بەرنامە و گوتارێکی هاوبەش و پلانی بەرۆژ و درێژخایەنی ڕێکخراوەیی و دوا جار گرێدانی بە بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم ئەرک و بەرپرسیارێتیەی ئێوە قوورستر و پڕبایەختر دەکات.

**خوێندکارانی خەباتکار!**

کۆنگرەکەتان لە هەلومەرجێکی نوێ و لە کەشێکی پڕ لە گۆڕانکاریی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا بەڕێوە دەچێت. بە تایبەت کە جوغرافیای سیاسیی ئێران وەک پێکهاتەیەکی فرەنەتەوە و فرەکۆمەڵگە، لە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژیناوە، بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، قۆناغێکی نوێ لە ململانێ و خەبات و خۆڕاگری لە دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەزموون دەکات. قۆناغێک کە چین و توێژەکان، هەر کام بەگوێرەی پێگە و توانا و کاریگەریی خۆیان دەور دەبینن. شک لەوەشدا نیە کە لەم نێوەدا ڕۆڵی پێشەنگایەتیی ژنان و لاوان و خوێندکاران بەرجەستەترە. بۆیە چاوەڕوان دەکرێ، کۆنگرەکەتان بە لێکدانەوە و وردبینییەوە، خوێندنەوەی فرەڕەهەند بۆ هەلومەرجی ئاماژەپێدراو و هەروەها دۆخی بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران و کوردستان و بە گشتیی ڕەوتی ئەو گۆڕانکارییانە بکات کە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەشی فیکریی ئەم قۆناغە نوێیان خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە. ئەمەش گرێدراوی بوونی دیدێکی واقبینانە و هاوکات خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە کاروباری ڕێکخراوەیی یەکیەتییەکەتان و بەستنەوەی بە بەستێنی سەرەکیی کاروچالاکییەکانتانە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانە

لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتیتر لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ڕەسالەت و شوێندانەری و تێکۆشانی خوێندکارانی کورد بۆتە نەریتێکی بەبایەخ و جێگرتوو، و مێژووی بزووتنەوەکە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن. تەنیا وەک نموونە، ڕۆڵی شۆڕشگێرانی وەک شەهیدان سمایل شەریفزادە و عەبدوڵڵا موعینی لە بزووتنەوەی چەکداریی ساڵەکانی ٤٧-٤٦ و هەروەها ڕێبەرانی شەهیدی وەک دکتور قاسملوو و دکتور شەرەفکەندی، مێژووی لەخۆبوردوویی و گیانفیدایی ژمارەیەکی زۆر لە ئاکادیمیسییەن و خوێندکارانی شێلگیر و شۆڕشگێڕی کوردستانمان بیر دێنێتەوە. ئەم تێکۆشەرانە، لە پێگەی ئاکادیمی و زانکۆکانە، بە زانست و مەعریفە و ئەزموونی خۆیان، هاتوونەتە پشت بزووتنەوەکە و تێکەڵ بە خەباتی پێشمەرگانە و ژیانی ڕێکخراوەیی بوون و بە هەموو تواناوە خاوەندارێتییان لە بزووتنەوە و ئامانجە بەرزەکانی کردوە ولە ڕاستیدا بوونەتە ڕەمزی مانەوە و بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان لەپێناو کورد و کوردستان و مافە نەتەوەییەکانمان.

**بەشدارانی بەڕێزی حەوتەمین کۆنگرەی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکاران!**

زۆر گرینگە کە یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان لە پەسەندکراوە و ڕاسپاردە و هەڵسەنگاندنەکانیدا، پێ لە سەر خۆڕێکخستنەوە دابگرێتەوە و بە ڕوانگەی نوێ و بەگوێرەی توانا و پێی دەرفەتەکان، ڕێکخستن و چالاکییەکانی لە ڕاستای ئامانجە باڵاکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان ئاراستە بکات. زۆر گرینگە کە ئاسۆیەکی ڕوون لە تێکۆشان بۆ خۆی وێنا بکات و بە تێگەشتنێکی دروست و دەروەست، بە ڕوانگەیەکی کوردستانی و نەتەوەیی و ڕێزدانان بۆ جیاوازییە فیکری و سیاسییەکان، بە لەخۆگرتنی خوێندکاران، بەشێک لە خەبات و پرسی ڕەوای نەتەوەکەمان نوێنەرایەتی بکات.

بە سەرنجدان بەو ڕاستییە و، سەرەڕای ئەوەی دەرەتانێک بۆ چالاکیی سیاسی و بواری کاری ڕێکخستن لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا نیە، بەڵام لە کوردستان ئاستی خواست و داواکاریی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکان لە چاو دەیەکانی ڕابردوو هەڵکشاوە و ویستەکانیان بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران، ڕادیکاڵتر و نەتەوەییترە. ئەمەش ئاماژەیەکی بەهێزی گەشەی بیری نەتەوەیی و ڕزگاریخوازییە لەنێو توێژی خوێندەوار و خوێندکاری کورددا.

لەم دۆخە نوێیەدا، کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان بە هەموو هێز و لایەن و جومگەکانیەوە، نەک خۆی لە بەستێنە مێژوویی و لە ڕێبازە سیاسی و فکرییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان دانەبڕیوە، بگرە هاوپەیوەندیی و هاوخەباتیی خۆی پتەوتر و بەهێزتر کردوە. هەر بۆیە لە لایەک ئەرک و لە لایەکی دیکەشەوە بەرپرسیارێتیی هەموو لایەکمان قورستر بووە و یەکیەتیی خوێندکارانیش دەبێ بە هەستیارییەوە لەم هاوکێشەیە بڕوانێت. ئێستا لە قۆناغێکدایین کە هاوشان لەگەڵ ژنان و لاوان و توێژەکانی دیکە، چالاکانی خوێندکاری ڕێنیشاندەری جەماوەرن و لە زانکۆکاندا بوونەتە دەنگی دلێر و نوێنگەی ویست و خواستی نەتەوەیی. سەرەڕای ئەم ئاماژە دڵخۆشکەرە، سەرکەوتن لەم بوارەدا پەیوەستە بە بوونی هێزێکی مەیدانی و خاوەن بەرنامە کە بتوانێ وزە و هێز و هزری خوێندکارانی کورد وەک سەرمایەیەکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی گەڵاڵە بکات و ڕێکی بخات. بۆ دەستەبەری ئەو ئامانجە پێویستە هزری سیاسی و زانستی تێکەڵ بە کاری مەیدانیی سیاسی و ڕێکخراوەیی بکرێت و بێگومان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان بەگوێرەی سروشت و کۆمەڵێک تایبەتمەندییەوە، دەتوانن لەم پێناوەدا یارمەتیدەر و شوێندانەر بن.

لە کۆتاییدا، سەبارەت بە بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی حەوتەمی ڕێکخراوەکەتانەوە پیرۆزبایی بە سەرجەم بەشدارانی کۆنگرە و ئەندامە تێکۆشەرەکانی ڕێکخراوەکەتان دەڵێین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕی**
**ڕەزبەری ١٤٠٤**



## کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان

حەوتەمین کۆنگرەی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی هەینی ١٨ی ڕەزبەری ١٤٠٤ی هەتاوی، لەژێر ناوی کۆنگرەی "خوێندکارانی شوناسپارێز" و بە دروشمی "زانکۆ، سەنگەری هەڵوێست و هوشیاریی نەتەوەیی" بەڕێوە چوو.

پەیامی کرانەوەی کۆنگرە لەلایەن "سەرگوڵ شابازی"، جێگری سکرتێری پێشووی یەکیەتیی خوێندکارانەوە و وتاری جەماڵ فەتحی سکرتێری پێشووی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان برگە سەرەتاییەکانی دەسپێکی کاری کۆنگرە بوون. دواتر پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزب لەلایەن حەسەن شەرەفی، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش بە بەشداربووانی کۆنگرە کرا (دەقی پەیامی دەستەی کارگێڕێی حیزب بۆ کۆنگرە لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە).

خوێندنەوەی پەیامی ناوەندی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بڵاوبوونەوەی دیکۆمێنتارییەک لەسەر خوێندکار و بزووتنەوەی خوێندکاری و کار و چالاکییەکانی یەکیەتیی خوێندکاران لە ماوەی کۆنگرەی شەش هەتا حەوت دوو بڕگەی دیکەی ڕێورەسمی کرانەوەی کۆنگرە بوون و دوایە کۆنگرە بە فەرمی کارەکانی خۆی دەست پێ کرد و بەپێی دەستووری کاری کۆنگرە بەرنامەی کاریی خۆی بە ئاکام گەیاند و لە بڕگەی کۆتایی کاری کۆنگرەدا و لە ڕەوتی هەڵبژاردنێکی ئازاد، نهێنی و دێموکراتیکدا و بە سەرپەرستیی ناوەندی هەڵبژاردنی حیزب، بەڕێوەبەریی سەرەکی و جێگرەکان هەڵبژێردران. هەروەها بەڕێوەبەریی نوێی یەکیەتیی خوێندکاران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی حەوتەم لە یەکەم کۆبوونەوی خۆیاندا، بە تێکڕای دەنگ، "هەردی سەلیمی"یان وەکوو سکرتێری یەکیەتیی خوێندکاران هەڵبژارد.

## ئاژاوەنانەوە بۆ حکوومەتکردن!

لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕوانگەیەکی دووانەیی و دژبەیەکی لە پرسی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا گرتۆتە بەر. لە لایەک باس لە "یەکیەتیی میللی!" و "مافی یەکسانی هاووڵاتیان" دەکات، بەڵام بە کردەوە جیاکاری، نکۆڵیکردنی نەتەوەیی و کولتووری و ئەمنیەتیکردنی هەموو داواکارییەکی سیاسی و مەدەنی کردوە بە پراکتیکێکی هەمیشەیی. ئەم سیاسەتە دوو فاقە و دووڕوویییە، هەر لە ساتی هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە، بناغەی متمانەی نێوان حکومەت و گەلانی غەیرە فارسی لەنێو بردوە، و ئێرانی بەرەو ڕێگایەکی مەترسیداری پڕ لە دابەشکاریی نەتەوەیی و سیاسی بردوە.

لە کوردستان، هەرکاتێک خەڵک بە شێوەیەکی ئاشتییانە و مەدەنیانە، بۆ دەربڕینی داواکارییە مرۆیی، کولتووری و زمانەوانییەکانیان هاتنە دەرەوە، وڵامی حکوومەت فیشەک، گرتن، ئازاردان و لەسێدارەدان بووە. دەیان چالاکی ڕۆشنبیری، مامۆستا، ڕۆژنامەنووس و لاوی بێدیفاع، تەنیا بەهۆی داوای مافی خوێندن بە زمانی زگماکی، یان ناڕەزایەتیدەربڕین بەرامبەر بە نادادپەروەریی ئابووری، بوونەتە قوربانیی توندوتیژیی حکوومەت. ئەمە لەکاتێکدایە کە هەر کاتێک گروپەکانی هاوپەیمانی بە سیاسەتە فەرمییەکان خۆپیشاندانیان ئەنجام دابێت یان دروشمی ڕەگەزپەرەستانەیان وتبێتەوە، نەک تەنها ڕووبەڕووی هیچ ئاستەنگێک یان ڕووبرڕووبوونەوەیەک نەبونەتەوە، بەڵکوو لەژێر سێبەری بێدەنگی دەزگا ئەمنییەتی و دادوەرییەکاندا، لە بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە لە دژی گەلی کورد بەردەوام بوون.

چەند ڕۆژی ڕابردوو، نموونەیەکی ڕوونی ئەم حەقیقەتە بوو. لە میانەی یارییەکی تۆپی پێدا لە پارێزگای ورمێ گرووپەکانی بە ئاراستەی پانتورکی ئاڵای حکوومەتە بیانییەکانیانی وەک تورکیە و ئازەربایجانیان هەڵکرد، و هاوکات بێپەروا دروشمی ناشیرین و ڕەگەزپەرستانەیان دژی کورد گوتەوە. بەڵام هیچ دەزگایەکی جێبەجێکردنی یاسا و دامەزراوەیەک کە کاردانەوەی خێرایان هەیە، و بەرامبەر بە بچووکترین کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی مەدەنی گورج و بڕ ئامادە دەبن، هیچ هەنگاوێکیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە دژ بەم ڕەفتارە ڕەگەزپەرستانەی نەگرتەبەر. ئەم بێدەنگییە بە هۆی نەزانییەوە نیە، بەڵکوو نیشانەی سیاسەتێکی وشیارانەیە: سیاسەتی "فیتنەنانەوە و حوکمڕانی کردن"؛ واتە بەکارهێنانی جیاوازییە نەتەوەییەکان بۆ لاوازکردنی هاوپشتی گەلانی ئێران و درێژەدان بە هەژموونی ناوەندگەرایی.

ئەم جۆرە ڕەفتارە هەڵبژێردراوانە، لەگەڵ هیچ ستانداردێکی یاسایی یان ئەخلاقیدا ناگونجێن. کاتێک حکومەت سنوورێک لە نێوان هاووڵاتیانی خۆیدا دەکێشێت و یاسا وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەیەک، و بەرگێک بۆ نەرمینواندن لەگەڵ گروپێکی دیکە کەڵک وەردەگرێت، چیتر ناتوانرێت باسی دادپەروەری و یەکگرتوویی بکرێت. لە ژینگەیەکی وەهادا، نەتەوەی کورد، "بە مێژوویەکی دوورودرێژی بەشداری لە خەباتی ئازادی و دادپەروەریدا"، بە پشتبەستن بە ئیرادەی بەکۆمەڵ و دەسەڵاتی مەدەنی، ناچارە ڕێگایەک بۆ بەرگریکردن لە ناسنامە و زمان و کەرامەتی ئینسانی خۆی بدۆزێتەوە.

ئەوەی ئەمڕۆ لە هەموو شتێک زیاتر پێویستە، گواستنەوەیە لە سیاسەتی جیاکاری و ئەمنییەتیکردنەوە، بۆ سیستەمێکی دێموکراتیک و فیدراڵی، کە تێیدا هەموو نەتەوەکانی ئێران لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا، بتوانن مافە نەتەوەییەکانی خۆیان هەبێ و لە دەسەڵاتدا هاوبەش بن. فیدرالیزم بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی فەرمی، مەترسی نیە بۆ سەر یەکپارچەیی خاک، بەڵکو زامنی مانەوەی ئاشتی و پێکەوە ژیانە. تەنیا لە ڕێگەی دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات، سامان و داننان بە مافی نەتەوەکان، دەتوانین ئێرانێک دروست بکەین، کە هاووڵاتیانی بە هەموو پێکهاتەکانیەوە هەست بە هەستی ڕاستەقینەی سەربەخۆیی و بەشداربوون لە دەسەڵات و حوکمڕانی و خۆبەڕێوەبەریدا بکەن.

لەم ڕێگایەدا، خەبات دەبێت لەسەر بنەمای لۆژیک،سەبر و میتۆدی مەدەنی بێت. ئەزموونەکان دەریانخستووە کە توندوتیژی، تەنها بیانوویەک بۆ حکومەت دەڕەخسێنێت، تا بەردەوام بێت لە سەرکوتکردنەکەی، ئەوەش لە کاتێکدا بەرخۆدانی مەدەنی، هۆشیاری کولتووری و یەکگرتوویی نێوان نەتەوە مافخوراو و بێبەشەکان، دەتوانن دیواری سانسۆر بشکێنن و ڕێگا بۆ هاوپشتی نەتەوەیی پێکبهێنن.

ئەگەر حکومەت بەڕاستی باوەڕی بە دەستوورەکەی هەیە، پێویستە هەنگاوی یەکەم بنێت بۆ بەیەکسانی جێبەجێکردنی: زمانی دایکی بەفەرمی بناسێنێت، مافی نەتەوەکان و ژنان و کەمینەکان دابین و دەستەبەر بکات، دەست لە ئیعدام و سەرکوتی سیاسی هەڵبگرنن و ڕوو بە دامەزراوە مەدەنی و ڕۆشنبیرییەکانی نەتەوەی کورد، نەک بە چەک، بەڵکو بە دیالۆگ ڕووبەڕوو ببێت.

ئایندەی ئێران، بەندە بە قبوڵکردنی حەقیقەتی فرە نەتەوەیی خۆیەوە. هیچ سیستەمێکی ئینکاری و جیاکاری لەسەر پێ نامێنێتەوە. ڕۆژێک دێت کە خەڵکی ئەم خاکە "کورد، فارس، بەلوچی، عەرەب، تورکمان و ئازەری" لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیموکراتیک و یەکساندا چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. تا ئەو کاتە، ئەرکی بیرمەندان و تێکۆشەرانی ئازادیخواز ئەوەیە بێدەنگ نەبن و هەڵاواردن و جیاکاری بە ئاسایی نەزانن، و بە پشتیوانی بۆ دادپەروەری و ئازادی هەموو نەتەوەکانی ئێران، هاوسۆز و بە یەکگرتوویی بمێننەوە

